
# ملپێچ و شاڵ بۆ جوانی و پاراستنی مل و بەرۆک



# مۆدی جەنتا بۆ بۆنە و یادەکان

چەندین بۆنەو یاد هەن، کە ئافرەتان لە شوێنێکدا کۆدەکاتەوە، وەك: ساڵیادی لەدایکبوون، ئاهەنگی تایبەت، ئاهەنگی دەرچوون، نیشانکردن و مارەیی، زەماوەندو ئاهەنگی بووك گواستنەوە، دەرچوون و دانیشتن لە شوێنی تایبەت و میوانداری، هەموو ئەوانە پێویستیان لە جلی جوان و هەڵبژاردنی جوانترین ئێکسسوارەکان هەیە، تا لەنێو خانمانی ئەوێدا وەك شازادە دەربکەویت و لەبەرچاوی هەمووان شاژنێك بیت، جگە لەوەی تاخمە جلێکی نایابت هەڵبژاردووە، هەروەها جەنتای دەستیشت لەبیر مەکە، کە لە مۆدو ستایلێکی ناوازە بێت، چونکە لەو شوێنانەی دەستت بە تاڵ دەبن و هەندێ جار پێویستە شتێك لە دەستت بن، تا دەستبەتاڵیت پێوە دیار نەبن، مارکەی جیهانی (مانۆلۆ بلاینك- Manolo Blahnik )، چەندین مۆدی جەنتای بۆنەو یادەکانی بەرهەمهێناون، کە تایبەتە بە مۆدەکانی پێشوو و کلاسیك، ئەو مۆدەش بە جەنتای (کلاچێت) ناسراوە، شێوەیان بچووك و درێژن، دەتوانی ئەو جەنتایەت بەدەستەوە بێت، بەدرێژایی کاتی بۆنەو یادەکە، چونکە ناسکەو ئەوەندەش قورس نین، جێگەی ئێکسسوارە سەرەکییەکانت دەبێتەوە وەك، سووراو، فڵچەی ماکیاژ، ئایلاینەر و ناسنامە.





# جلوبەرگی ستایل دوو رەگەز بۆ ئافرەتان



شێواز و مۆدی جلوبەرگ، بە چەندین نەریت و دیزاین و دیکۆری جۆرواجۆر ئامادە دەکرێن، هەندێ جاریش بەپێی خواستی کەسەکانەوە، مۆدو شێوازێکی دیاریکراو داوا دەکرێت. هەندێ لە خانمان حەز بەو جۆرە جلانە دەکەن، کە نشونمایەکی کوڕانە، یان پیاوانەی پێوە دیارە، وەك هەندێ پانتۆڵ و چاکێت و قەمیس، هەر بۆیە مارکەی (ئەلبینۆ داماتۆ- Albino) چەندین مۆدی جلی لەم جۆرەی ئامادە کردووە، بۆ ئەوانەی کە داواکاری ئەو جۆرە جلەن، بە پێی پلانەکانی ئەو مارکەیە، ئەو جۆرە جلە، بۆ ئەو کەسانەیە کە لە چینی بۆرجوازی و راقییەکانن، هەروەها بۆ ئەوانەش کە کەسانی سادە و ساکارن، ئەو جۆرە جلانەش وەك: چاکێتی بە یەخە و لە خووری، کە لە ناوقەدەوە تەسك دەبێت، هەروەها چاکێتی پاڵتۆی ترانس، کە قوماشی جاکارد دروست دەکرێت و بەنەخشی گوڵ رازاوەتەوە، مۆدەکەشی بۆ سەدەی (١٨) دەگەڕێتەوە. جگە لە چاکێت، هەروەها پانتۆڵیش هەن، بۆ ئافرەتانە و سیمایەکی پیاوانەشی پێوە دیارە، وەك پانتۆڵی کورت کە لەسەر پاژنەوە چەمێنراوەتەوە، مەبەست لەم جۆرە جلانەش، پێدانی کەسایەتی و پایەبەرزییە بۆ ئەو ئافرەتانەی خواست و حەزیان لەو جۆرە جلانەیە کە سیمای پیاوانەیان پێوە دیارە.

ملپێچ و شاڵ (scarf) یەکێکە لە دیارترین ئەو پۆشاکانەی لە زستان و هاویندا لەمل دەکرێن، بەڵام زیاتر لە زستاندا باوە، خانمانیش لە ملی دەکەن بۆ پاراستنی ملیان لە سەرما و سۆڵە، لەلایەکی دیکەوە پۆشاکێکی نایابە بۆ جوانی و سەرنجڕاکێشیان، چونکە چەندین جۆری هەن، بەتایبەت ئەوانەی دیارن و لە شێوە و ڕەنگ و جۆری قوماشەکەی کە بۆ (٥) جۆر دابەش کراون وەك:

ملپێچی پەموو، دیارترین ملپێچەیە کە لە دەوری مل دەئاڵێنرێت و نەرم و نیانە و چەند لە ملت بێت، ئەزیەتی مل نادات.


ملپێچی فەروو، جۆرێکی دیکەی ملپێچەیە و لە فەرووی مەنگولی دروست دەکرێت، زیاتر دەخرێتە سەرشانەکان، بۆ جوانی بەکاردێت.

ملپێچی تریکۆ، شێوازێکی نایابەو مل و ڕوومەتیش دادەپۆشێت، بۆ سەرما و سۆڵە بەسوودە و شێوەیەکی ناسك و سەرنجڕاکێشە.

ملپێچی شامۆ، نەرمترین و ناسکترین جۆری ملپێچەیە، پێویستە لە ڕەنگە تۆخەکان بێت و دەخرێتە سەر سەر و مل و بۆ بەرۆکیش دەبێت.

ملپێچی خووری، بە هاوڕێی زستان دەناسرێت، کە دەخرێتە سەر شان، یان لە مەچەك دەخرێت، مۆدێکی نایاب و گەرم و گوڕە.





## زاوای دێو و بووکی شاجوان !

جاران زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو بە ناوی (خانمە جوانەکە و پیاوە دێوەکە)، دواتر ئەو زنجیرەیە کرا بە فیلمی کارتۆنی و لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نمایش دەکرێت، بە ناوی (Beauty and the Beast) کە باس لە ڕووداوێکی سەدەی (١٨) لە وڵاتی فەرەنسا دەکات، یەکێك لە میرەکانی ئەو سەردەمە لەژێر دەستی جادووکەرێك دەبێتە دێو، پاشان ئاشقی کچێکی جوان دەبێت، (تۆنی و ئیریك) ئەو دوو خۆشەویستەی لە وڵاتی بەریتانیا بڕیاری هاوسەرگیرییان داوە، کە جاران بەیەکەوە سەیری ئەو زنجیرەیان کردووە، هەر بۆیە داوایان کرد کە شێوەیان وەك کارێکتەرەکانی نێو زنجیرەکە بێت، واتە زاوا ببێتە دێو و بووکەش لە شێوەی کچەکە بێت، تەنانەت مەرج بوو ئەوەی لە ئاهەنگەکەیان بەشدار بێت، ڕۆڵی یەکێك لە کەسایەتییە کارتۆنییەکانی نمایش کردبایە، وەك: مینی ماوس، ودی، تینەکەر بێڵ، مارۆ بۆبیس، گۆڤی و بۆگس بەنی، جێگەی سەیرە ئاهەنگەکەیان پڕبوون لە کەسایەتی کارتۆنی و زنجیرەدراما و فیلمەکانی ئەنیمەیشن، کە ڕێوڕەسمێکی ئاهەنگی هاوسەری و زۆر جیاواز بوو.



## درێژترین کۆنە پرد

هەندێ لە کارە ناوازە و سەیرەکانی کۆن کە ئێستا لە جیهاندا ماون، تا بیری لێی بکەیتەوە زیاتر تووشی سەرسوڕمان دەبیت لەوەی چۆن و بە چ هێزێك ئەو کارانە کراون، وەك پەیکەرەکانی ئەهرامی میسر، تاوەری ئیڤل، دیواری شووڕای چین و بورجی پیتزا لە ئیتاڵیا و چەندینی دیکەش، ئەو کۆنە پردەش بە یەکێك لە سەیر و سەمەرەکانی جیهان دادەنرێت کە لە سەدەی (١٢) دروست کراوەو تا ئێستاش درێژترین پردە لە جیهان، ئەو پردە ناوی (ئانبینگ بریدج)ـە و دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەی (گینگیانگ و نانان) ڕۆژئاوای شاری (فوتشۆ) لە وڵاتی چین، ئەوەی سەیرە ئەو پردە لە کەرتە بەردی گەورە و زەبەلاح دروست کراوە، کە هەر پارچەیەکی ئەوەندە ژوورێك دەبێت، زۆر جاریش لێکۆڵینەوە لەوەکراوەتەوە ئاخۆ ئەو بەردانەی چۆن هێناوە و چۆن دایاناوە، درێژی پردەکە دەگاتە (٢٠٧٠) مەتر، بە جوانترین دیمەنیش دروست کراوە و بەبێ ئەوەی بەشێکی بڕمێت، یان بکەوێت.


# شاجوانی جیهان و گەردوون بۆ ساڵی (٢٠١٦)




ساڵانە هەردوو پێشبڕکێی شاجوانی جیهان و گەردوون ئەنجام دەدرێن، هەر یەکە بە بەشداری کۆمەڵێك شاجوانی وڵاتانی جیهان، لە پێشبڕکێیەکەدا بەشدار دەبن، بۆ بە دەستهێنانی نازناوی شاجوان، ڕێوڕەسمی پێشبڕکێی شاجوانی جیهان لە مانگی (١٢)دەدا دەکرێت، ئەمجارەیان لە هۆڵی (ئۆکسۆن) لە شاری واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو، کە تیایدا کچە شۆخ و شەنگی وڵاتی پۆرتری ریکۆ (ستیڤانی دێل فاییی)، نازناوەکەی بەدەستهێنا، ستیفانی تەمەنی (١٩) ساڵەو درێژی باڵای (١٧٨) سەنتیمەترە و بە شانازییەوە نوێنەرایەتی ناوچەی کاریبی کردووە کە خۆی لە بواری میوزیك و هونەردا کاردەکات، پێشبڕکێی شاجوانی جیهان بەبەشداری نوێنەری (٦٩) وڵات بوو، وا بڕیاربوو کە شاجوانی عێراقیش بەشدار بێت، بەڵام لە ڕێوڕەسمەکەدا دەرنەکەوت، خاوەن براوەی شاجوانی جیهان خەڵاتێکی (٩٤) هەزار دۆلار وەردەگرێت و تاجی شاجوانیش لەسەر دەکات. مێژووی شاجوانی جیهان، بۆ ساڵی (١٩٥١) دەگەڕێتەوە. هەروەها هەردوو هاوەڵ شاجوانیش بریتیی بوون لە (یاریستا رامێریش لە کۆماری دۆمینێك و میرییا لاگوانای ئیسپانی). هەروەها پێشبڕکێی شاجوانی گەردوونیش بە بەشداری نوێنەری شاجوانی (٨٦) وڵاتانی جیهان، لەشاری (مانێلا) پایتەختی وڵاتی فلیپین، بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون ئەنجامدرا، لەو پێشبڕکێیەدا شاجوانی وڵاتی فەرەنسا کە ناوی (ئیرێس میتینێر)ـە و کاری پزیشکی دەکات، بووە شاجوانی گەردوونی (٦٥) پێشبڕکێی جیهانی گەردوون و هاوەڵەکانیشی بریتیی بوون لە راکێل بیلیسەر شاجوانی هایتی و ئەندریا تۆڤار شاجوانی کۆڵۆمبیاش بووە دووەم هاوەڵی شاجوان.








## پەند و وتە

- جان جاك ڕۆسۆ، گەورە بیرەمەندی فەڕەنسی و لە دایكبووی (١٧١٢) لە شاری جینیڤ لە كۆماری جینیڤ، یەكێك بووە لە پێشكەوتووانی بواری فەلسەفەو دەربارەی ئازادی تاكەكەسی گوتوویەتی: ئازادی تاكەكەسی بریتی نییە لەوەی كە هەر شتێك بیەوێت بیكات، بەڵكو ئەوەیە كە هەندێك شت هەیە نایەوێت و پێویست ناكات ئەنجامی بدات.





## نوكتە

- جارێكیان دوو شێت بۆ تاقیكردنەوە دەبەن بۆ حەمامێكی هەڵمی، كاتێك دەچنە ژوورەوە یەكێكیان بەوەی دیكە دەڵێ: چەند جارم بە تۆ گوت كاتێك چووینە شوێنێك ئەوەندە عەجوولی و تەپ و تۆز مەكە، ئەها چیت لێرە كرد، چاو چاو نابینێت !



### كاوڕ

دڵنەوایی كەسانی دیكە بدەوە و مەهێڵە خەم ئازاریان بدات، ئەوەندە خەم مەخۆ و ژیان ئەوەندە ناهێنێت. بەپێكەنین و خۆشی پێشوازی لەم مانگە دەكەیت، هەست بە ئارامیء خۆشەویستی دەكەی، بەڵام پێویستە دووربكەویتەوە لەگرفتی دڵپیسی، ئەگینا خۆشییەكەت زۆر ناخایەنێت.



### گا

كەسانێك نیازی دڵی تۆیان هەیە و بزانە مەبەستیان چییە. ژیان پڕە لە مەینەتی و بێزاری، بەرگە بگرە و ماوەیەكی دیكە خۆشی رووت تێدەكات و بەشێوەیەكی كتوپڕیش بیرت بۆ ئەوە دەبات كە بەرەو گەشەسەندنێكی فكری بڕۆیت، كەمێكیش هەست بە ماندووبوون دەكەیت.



### جمك

بڕیاری دروست بۆ ژیانت بدە و ئەوەی لەسەرتە جێبەجێی بكە، ماوەیەكت پێویستە تا بەسەر ئەو كێشە و ناخۆشییانەدا تێدەپەڕیت، ئەم ماوەیە گۆڕانكارییەكان لە بەرژەوەندی تۆدا دەبن، ماوەیەكی بەسوودو بەبەرهەم دەبێت، دووربكەوە لە دڵەڕاوكێی خۆشەویستی، هەواڵێكی خۆشت لەناكاو پێدەگات.



### قرژاڵ

كەسانێك شایستە نین تۆ پارێزگارییان لێی بكەیت، بۆیە وا چاكە لێیان دوور بكەویتەوە و بیرۆكە تازەكانیشت جێبەجێ بكە، هەندێ كەس لۆمەت دەكەن كە هۆش و ژیرییەكی زۆرت هەیە، بەڵام ئازایەتییەكی كەم، هەوڵبدە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنیت، لەوانەیە كەمێك بێ ئومێد بیت.



### شێر

ماوەیەكە خەمێك لە دڵتە و بۆت چارەسەر ناكرێت، چاكترە راوێژ بە كەسێكی نزیكت بكەیت تا بەیەكەوە هەوڵی چارەسەری كێشەكەت بدەن، هەرچەندە مێشكت بەزۆر شت جەنجاڵە، لەگەڵ ئەوەش بە بەشی خۆت رازیت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە هیچ ترسێكت لە پاشەڕۆژت نییە.



### گوڵەگەنم

بەختت باش دەبێت، بەڵام پێویستە كارەكانت رێكبخەیت و مەهێڵە ئەو كەسانەی دژایەتیت دەكەن بۆیان بچێتە سەر، خەریكی كاروباری خۆت بە، هیچ ئامۆژگارییەك فەرامۆش مەكە كە هاوڕێ یان دۆستەكەت پێشكەشت دەكات، تەندروستیت بەرو باشی دەچێت.

# گیاندارێکی دەم بە خەندە و گرینۆک

هارپ سێل (The harp seal) یەکێکە لە سەیرترین گیاندارەکانی نێو دەریا و سەر وشکانی، کە ناوی زانستی (Pagophilus groenlandicus)یە و لە باکووری زەریای ئەتلەنتیك دەژی، ناوەکەی واتە (خۆشەویستی سەهۆڵ و بەفر لە گرینلەند)، ڕەنگی سپی و سیلڤەرە، چاویشی ڕەشە، هەموو کاتێك شێوەی بە خەم و گرینۆك دیارە، بەڵام کاتێك مرۆڤ دەبینێت، دەمی پڕخەندە و پێکەنین دەبێ، وەك ئەوەی دڵی و هەستی بە مرۆڤ بکرێتەوە، درێژی ئەو گیاندارە نێوان (١٧٠) سەنتیمەتر بۆ (٢٠٠) سەنتیمەترە، هەروەها کێشی نێوان (١٤٠) تا (١٩٠) کیلۆگرام دەبێت.



## بۆ زانیاریت

ئامێری کات

Time Machine

کیپ تۆرن لە کتێبی (کونەڕەشەکان و چەمانەوەی کات)دا دەڵێت: دروستکردنی ئامێری کات لە ئاستێکی زۆر بەرزتردایە بە بەراورد بەو دەستکەوتە تەکنەلۆژییانەی ئێستا، وەك چۆن گەشتی بۆشایی زۆر بەرزترە لە توانای مرۆڤی سەردەمی ئەشکەوت، ئایا مەبەستی ئەو ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر گەشتکردن بە کاتدا لە ڕوانگەی یاسا فیزیاییەکانەوە شیاو بێت، دروستکردنی بەکرداری ئامێری کات بەم زووانە ئەستەم نییە؟ بێگومان ناتوانێت بەم شێوەیە بێت، چاخی بەردینی کۆن واتە سەردەمی مرۆڤی نیشتەجێی ئەشکەوت نزیکی کەمتر لە ١٥ هەزار ساڵ لەمەوپێش کۆتایی پێهات و خۆر و زەوی چەندین ملیار ساڵی دیکە لەسەر سووڕانەوەی خۆیان بەردەوام دەبن، ئەم کاتە بە هەزاران جار زیاترە لەو ١٥ هەزار ساڵە، (ئارپەر سی کلارك) نووسەری چیرۆکە خەیاڵییە زانستییەکان بابەتەکە بەم شێوەیە کۆتایی پێدەهێنێت، کاتێك کە زانایەکی ناودار دەڵێت: شتێك ئەستەم نییە، بێگومان ڕاست دەکات، بەڵام کاتێك کە دەڵێت: شتێك ئەستەمە بە ئەگەری زۆرەوە هەڵە دەکات.

| |
|---|
| 3 + 3 x 3 - 3 + 3 = ? |
| ئاسانکاری |
| 18 |
| 12 |
| 3 |
| 6 |

## یاری وێنە

- لەم وێنەدا شیکارێکی هەڵەی بیرکاری هەیە، هەوڵبدە وەڵامی ڕاست هەڵبژێریت کە لە ئاسانکارییەکان بۆمان داناون، ئەوەش پاش دۆزینەوەی وەڵامە ڕاستەکە.



## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا باسی هەندێ کەسایەتی دەکرێت، کە سەرچاوەیان لە خاشاکە، کەچی لەسەر مەنەسەکانەوە قسەی گەورە و موزایەدەچییەتی دەکەن!

## کورتە فیلم

لۆگان - Logan

باس لە کەسایەتییەکی بێزار بەناوی (لۆگان) دەکات، کە ئاگاداری پرۆفیسۆرێك دەبێت لەو کاتەی دەیەوێت لە سنوورەکانی وڵاتی مەکسیك بپەڕێتەوە، هەروەها بۆ شاردنەوەی کەلتوور و داب و نەریتی ئەو کەسە لەوەی کەس نەیناسێتەوە، دوای ئەوەی دەکەونە نێو دارستانێکی تاریك و گەورە. ئەو فیلمە لە نواندنی ڕۆڵی سەرەکی (هیو جاکمان)ـە کە پاڵەوانی زنجیرە فیلمەکانی (X-men)ـەو لە دەرهێنانی (جەیمس مانگۆڵد)ـەو ماوەی فیلمەکە کاتژمێرێك و (١٥) خولەکە، بودجەکەشی (١٢٧) ملیۆن دۆلار بووە.

### گۆزە

دوودڵ و نیگەرانی، بێزاریشت پێوە دیارە. هەوڵبدە بەسەر ئەو گرفتانەی ئێستاتدا زاڵ بیت و ڕێگەی داهاتووت ڕوون بکەیتەوە. ئەم ماوەیە بەهیچ شێوەیەك دوا نەکەوی لەوەی کە جوانییەکەت بەدەربخەی بەتایبەتی بۆئەو کەسەی کە دەمێکە سەرنجتی ڕاکێشاوە، ئاگاداربە زیاد لەپێویست سۆز کارت تێنەکات.

### نەهەنگ

ئەرکەکانت قورسە و ماندووبوونت پێوە دیارە، بڕیارێکی بەپەلە مەدە کە دواتر پەشیمانت بکاتەوە، لە کاروبارەکانت بەرەو پێش دەچیت، بەڵام کەمێك ماندووبوون بەسیماتەوە دیار دەبێت، هەوڵدانت بۆ کارەکانت ئەنجامی دەبێت، متمانەت بە خۆت بێت و لەگەڵ کەسانی نزیك پێوەندیت باشتر بکە.

### شایان

کەسانێك چاودێریت دەکەن و نیازیان وایە لێت نزیك ببنەوە، ئەوەی ماوەیەکە کارت لەگەڵدا دەکات، بەرژەوەندی تۆی دەوێت و تۆش ڕێز لە هەستەکانی بگرە، هەروەها لێمەگەڕێ داهاتووت ئەوەندە لەچاوەڕوانی تۆدا بێت و لەبیری مەکە، لەوانەیە ئارامیت لەدەست بدەیت.

### دووپشک

ڕووبەڕووی کێشەو گرفتی کارە تازەکەت ببەوە و بە جوانی جێبەجێیان بکە و سەر لە نوێ بیرکردنەوەیان بۆ بکە، داهاتووت ڕوونەو لە ئێستاوە هەوڵی زیاتری بۆ بدە تا بە ئەنجامەکانت دەگەیت، هەروەها خەریکی پلان دانانیت بۆئەوەی گەشتێك بکەیت.

### کەوان

بڕیاری دروست دەدەیت، بەڵام لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بۆت ناچێتە سەر، وا چاکە سەرەتا بیر لە چۆنیەتی ڕێگەی ئەنجامدانی کارەکانت بکەیتەوە و پاشان دەستیان پێبکەیت. تا ئێستا گرفتی ورووژاندنء سەرەنجڕاکێشان لەبیرتایە و بەشێکی زۆری هۆشی داگیرکردووی، وەك ئەوەی بڕوات بەخۆت نەبێت.

### گیسک

کۆمەڵێك بیرۆکەی جوانت هەن دەتەوێت بۆت جێبەجێ بن، بەڵام چەندین تەگەرە دێنە بەردەمت، بەمەش ئامانجەکانت لێت دەشێوێت، ویست و ئارەزووەکانت ئاسانکاریت بۆ دەکەن و دەرگای زۆرت بۆ دەکەنەوە بۆ گەیشتن بۆ ئاواتەکانت و لە بواری پێوەندییەکانت نەرم و نیان بە و یارمەتی کەسانی نزیکت بدە.